# پڕۆژەی حەزە ووردیلەییەکان ......24



## گەردنت ئازابێت ..... بمگۆڕە

### جەزا چنگیانی

گەردنت ئازا وژیانت پڕ  لە گەوهەری حەز بێت .. سڵ لە سێبەری حەزەکانت مەکەرەوە گێڕی ڕۆحت بگۆڕە .جەستەت تاو بدە بۆ ئەو شەقامەی پیاوە بێ ئافرەتەکان خێوەتی شێتیان تیاهەڵداوە..بمگۆڕە وەك توورەکەی مەمکەکانت وەك دەرپێ قولانجێکەی دەوری



گۆمەزە خرپنەکەی نێوان ڕانەکانت

... وەك نەخشەی تاشینی تووكە ئاڵۆسكاوییەكانی بەرموسەڵانت ...وەك ماسكارای چاو ... ڕەنگی نینۆك و لێوەكانت ... بمگۆڕە وەك گۆڕینی بۆنی بن باخەڵ و درزی نێو مەم و لامل وشامپۆكانت ...وەك ڕیزە مستیلەی پەنجە و مەدالیای ملوانكە و گۆارە ودەنكە یاقووتە سوورە چاوەزارەكەی نەرمی ناوكت... بمگۆڕە وەك ژێركراسە تەنكە بێ قۆڵ وپانتۆڵە كابۆ تەسكەكەی دەوری سمت و بلووسە ڕەشە ناوقەت ڕووتەكەت... بمگۆڕو ئاخر ژیان بە گۆڕین و تێكەڵاوی ڕەنگەكانەوە جوانە...جەستەی جیا ... تامی جیا..تەكان و تل و دەنگی دەروونی ڕەحەت بوون و بۆنی هەناسە و دەم.... قەبارەی لێو و گۆمەزی بەرموسەڵانی ئافرەت و ڕێواسی قەد قەوی پیاوی جیاوە جوانە... بمگۆڕە وەك محەمەدی مووسڵمانەكان پێش 1500 ساڵ ڕەنگی شەوەكانی گۆڕی... تامی جەستەكان و لێوی قاوەیی خانمان وپلەی گەرمای گۆمەزی گەرمی بەرموسلانی ئافرەتەكانی قورەیشی دەگۆڕی.. ئەو هوشیار بوو هەمووشەوێك بە ڕەنگی جەستەی ئافرەتێ ڕەگی ئاییەتە پیرۆزەكانی دەگۆڕی ... بمگۆڕە گۆڕینەكەت پیرۆزترە .. خۆشترە ... جوانترە لە تەكانە پڕ پەشیمانییەكان .. لە باوەش و ماچە فشاوییەكانی نێو جێگەی نوستنمان ... بمگۆڕە منیش نەك گوڵێك چەپكە گوڵێكی گەشی ڕاستگۆی دڵ و ڕۆح و ڕێزت پێشكەش دەكەم .جا ئەوساتە لە دوو شەیداوە دەبین بە دوو هاوڕێی ڕاستگۆ.دەبمگۆڕە با ژیان بە درۆ بەرێنەكەین .... با كاتەكانمان بە هەناسەی ماچی پەشیمانی بۆگەن نەكەین ... با خوای مەزن لە سەیركدنی دیمەنە سێكسیە بێ ڕۆحەكان بەلەسە نەكەین ....دەبمگۆڕە با ڕاستگۆبین لە تەك خوا و خۆمان و بوونماندا .... بمگۆڕە و گەردنت ئازابێت لەو هەموو خۆشەویست و ڕێز و ماچ وسێكس و ساتە جوانانەی من بە چركەكانی تەمەنم پێشكەشم كردی و تۆ پێت نەزانی ....

09/10/2005

سان پیترسبۆرگ

Jazachingiani@hotmail.com
www,chingiani.de